# شارێکی ڕەش پۆش !



***بۆ ئەوانەی  لە ڕێی ئازادیدا دەمرن***

ئەحمەد بەهرامی

ئاویەر بێ کەیف،
تاقەتی دوانی لەگەڵ هیچ سەرانچیەک نییە.

پیرە دارەکانی داوێنی چیاش ڕابردووی خۆیان دەخوێندەوە!
وەک ئەوەی ئەوانیش فەلاقە کراون و
هەر ڕۆژە داربڕی میری شار،
وەک جەلادێک سەردەکێشێتە ناو بێشیەک و


www.rawij.com

بێ هۆ غەڵفە لاوەکان هەڵ پاچیبێت.
میرێک نەسرووشتی ئەخلاق دەناسێ،
نەزاتی گوێدانی هەیە.

لە وڵاتێکی پڕ لەزوڵمەت!
لە وڵاتی جەهل پەرەستی،
لە وڵاتی ئومەتی توتی ئاسا،
شارێک ڕەشانگی پۆشیبوو،
کێوەکان، کێلە بەردی سەرقەبرەکان،
دار تایلەکان، گوڵ و سەوزەی قەدپاڵەکان،
قاشولکەی سەر گۆڕەکانیش،
تێکڕای وڵات!!
لە شەوەزەنگ هەڵکێشرابوو.

باڵاکانی سەر شەقام بۆ ناسین و یەکتر دیتن،
چاویان لە دووی بزەی مانگ بوو
کەچی!!!
مانگ لەشەرما،
خۆی دابووە پەنا گابەردێک و
ڕووی نەدەهات،
چاو لە گۆڕێکی تازە نێژراو بئەنگێوێ،
کە هەر تاوێک پێش ئێستاکە،
وەک یاخیبوو لەسەریان دا.

میری شار دادەخورێتە سەر ئەقڵ،

دادەخورێتە سەر فێربوون،
وەک ئەوەی بڵێت بۆ، بۆی واوەیلایە!

کەوایە لێخورە زۆردار بۆ شێلانی بیر و قەڵەم،
بۆ سوتانی ئەویندارى.

ئاخر ئەوەتا لێرەدا!!
باڵای ئازادی وێنەی دارێکی گەڵا ڕەنگ ئەرخەوانییە،
شەختەی"پاییز"ئەنگاوتوویيە و تەمەنیشی ڕاوەستاوە!!
لێرەش لە وڵاتی ئێراندا،
لە وڵاتێکی پڕ لەزوڵمەت!
ڕۆژنییە مێشکێک نەهاڕدرێ و
حورمەتی ژنێک نەشکێ!.

لێخورە زۆردار بەکەیفی خۆت بشێلە،
تادەتوانی بەرداشی زۆرت هەڵسووڕێنە،
لێخورە زۆردار بۆ خنکانی وڵاتێکی ماتەم گرتوو، چت دەوێت بیهاڕە..
خۆ دەزانم ئازادی وەک دارێکە وایە،
زانی کانیاوێکی خوێنی گەشی لێمان دەوێت!!

***

سەرتاسەری وەرزی ساڵ،
شەقام وەک ڕایەخێکی دڕووتێداچێندراو
وەک مەیدانی تۆڵەوترسان، پڕپڕە لەڕوخساری دەغەڵ و
پەنجەی سەرپەلاپیتەی مێشک پژێنە،


www.rawij.com

یان دەنگی هەڕەشە و
ماڵانگەری لەنیوەشەوا، ڕاچەنینی دایکان،
ڕاکێشانی دایک لەبەر چاوی منداڵەکەیا،
دانی مولاقاتی باوکێک لەسەر گۆڕێکی بێ نیشانە!!

میری شار عەباکەی سەرشانت تەبەڕووک بارن کە،
ڕیشەی رۆژی دوعاش ئەسرین بارانی درۆین.

لێخوڕە زۆردار بەکەیفی خۆت بپشنە، چاوەکان دەربێنە!
پەیەرەکانی تێکشاو لە بەندیخانە بسووتێنە،
بۆ هەڵواسینی پەت لەسەر شەقام، کەلە سەرەکان
لەسەر یەک دانێ.
بۆ ڕەجمی ژنانی زار لەسەر حەق هەرچی داڵاشە
بیهرووژێنە.

لەم هەڵاهەڵایەدا، لەچاوەروانییەکی سەرگەردانیا!!
دایکێک لەعەزرەتی کچە دیلکراوەکەی
دڵی داخورپا.
شێتانە لەجێگاکەی ڕاپەڕی و سەری بە کەلێنی
پەنجەرەکەوە نا!؟
نەعرەتەی ئەڵلاهو ئەکبەڕی جەلادێکی هاتە بەرگوێ؟

هێندێک پیلۆی چاوەکانی هەڵگڵۆفی،
لەپڕ شاڵاوی هاوارێک، خۆی کێشا بەچاوە
خەواڵووەکەیدا!!

دیتی لە تویێی هەورە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەی ئاسمان
خوێن دەباری!!

لەسەر شەقامیش بەجێگای زەردەخەنە و دەست لەناو
دەست،
کوتە کاغەزێکی گرمۆڵەوە بووبەرووپیری دێن،
کە قەدی کاغەزی هەڵ پچڕی،
لەبری وشە، دەستێکی پەنجە پەڕیوی هاتە بەرچاو!!
لەبری تەتەرێکی نامەبەر
کەللە سەرێکی هەڵواسراوی ڕەچاوکردوو،
زمانیشی بڕابوو.

لێخوڕە زۆردار بەکەیفی خۆت ئەمسەراوسەری شار
بپێوە،
هەموو خوێندکاری شارەکەم هەڵواسە.
ئاخر خۆ ڕۆژ نییە قەڵەمێک نەشکێنن!!؟
لاپەڕەی ژیانێک ئاورنەدەن!!

بەرە بەیان بوو، شینی دارستان و
شیوەنی ناوکۆلانێک نەبڕابوو.
هێشتا مەلا لەماڵی خوا
دەنگی نەبیسترابوو.
کەچی مێشکێک پژاو پۆلێک وشەی ئازادی،
لەگەڵ خوێنێکی گەرما ڕیزیان بەست و
ڕژانە جۆگەی قەسابخانەی حاکمانەوە!!


www.rawij.com

لێخوڕە زۆردار، لێخوڕە ماشێنی زۆرت،
لێخوڕە بۆ ئەنجن ئەنجکردنی جەستەی هەموان،
لێخوڕە زۆردار، بکوژە بەرهەمی ژیان.

منیش وەک ئاویەر، وەک پیرە دارە غەڵ بڕاوەکان،
دڵم دەگری وەک هەوری پڕ باران!!
وەک قەڵەمی بێ خاوەن!!
وەک ژنی ڕەجم کراو..
وەک کرێکارێکی ترۆرکراو؟
وەک کانییەکی گەرو سیمت کراو!!
دەبینن لێرە!! وڵاتێک بۆتە جەنگەڵ و بنیادەمەکانی بوونە،
نێچیروو فتوا بۆتە یاساو یاساش بۆتە، خنکان و بەندیخانە...

ئیدی دوان بۆ سەربەستی، ڕێگایەکی چڕو ڕژدە؟
هاواری مزگەوتەکان، توڕەیی چەند مەلا وەک
تاشە بەردەکان بەسەرتا خولوێر دەبنەوە،
ڕێگرەکانی دژی ئازادی بۆسەت بۆدەنێنەوە!!
کرمەکانی ناوجەستەی کۆمەڵیش،
دەجوڵێن ودەمارە زیندوەکانت دەژاکێنن.

وڵاتێکی دیلکراو؟ زمان قوفل بوو، کەرامەت تک ڕووخاو.


www.rawij.com

هەموو دیلێکن لەداوی نەریتی کۆنا!!
لەژێر عەباو عەمامە!
شەرمە بۆت مێژوو!!کوا تەمەدوونی چەند هەزار
ساڵەی
میللەتێک؟
شەرمە شەرم!! بە جەهل و شمشێر؟
بە ڕەجم و سێدارەوە بڵێی هەم.

کەوایە هەمووی ئەم تاریفە پڕشکۆییە؟
ئەم مێژووە تەواو دژی حەقیقەتی زەمانەیە!!
ئیدی ڕاوەستە مێژووی پڕ درۆ و خۆ هەڵکێش،
دەبێ بشکێنن سەماو غروری کۆنی تۆ.
....
ڕابین هەڵدەینەوە لاپەڕەی نوێ !!
قەڵەم لەدەستی حوکمی فتوا دەربێنن.
ڕابین و ژێرەو ژوور کەین دنیای زۆرداری،
ڕابین گەلی بەشمەینەتی چەوساوە،
بەسییە یەخسیری ڕاڤەی کۆن!!.
جارێک بمرە بۆ سەر بەستی،
نەک هەر بژین بەکۆیلەتی.

٢١. ٠١. ٢٠٠٨